# ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو



# قوربانیانی مین لە کوردستان

ئاوریلی 2021

بابەت

ڕاپۆرتی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو لە سەر قوربانیانی مین لە کوردستان لە ئاوریلی 2020 هەتا ئاوریلی 2021

## لە ئاوریلی 2020 هەتا ئاوریلی 2021 لە کوردستان 38 کەس بوونەتە قوربانی مین + لیستی ناوەکان

هەنگاوڵ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو هەر وەك ساڵانی ڕابردوو و هاوکات لەگەڵ 4ی ئاوریل، ڕۆژی جیهانیی "هۆشیار کردنەوە و ئاگادار کردنەوەی لەمەڕ مەترسییەکانی مین" بە مەبەستی خستنەڕووی زیاتری مەترسییەکانی هەبوونی کێڵکەکانی مین لە کوردستان، ڕاپۆرتێکی ئاماری لە سەر قوربانیانی مین لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بڵاو دەکاتەوە.

بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئامار و بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە مانگی ئاوریلی 2020 هەتا مانگی ئاوریلی 2021، لانیکەم 38 هاووڵاتی لە سنوورەکانی کوردستان بە هۆی تەقینەوەی مین و تەقمەنییەکانی پاشماوەی شەڕی 8 ساڵەی ئێران و عێراق بوونەتە قوربانی.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، لەو ماوەیەدا 10 هاووڵاتی بە هۆی تەقینەوەی مین کوژراون و 28 هاووڵاتیش بریندار یان کەم ئەندام بوون. ئەم ئامارە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو 11 حاڵەت (29٪) زیادی کردووە. ساڵی ڕابردوو 4 هاووڵاتی گیانیان لە دەست دابوو و23 هاووڵاتیی دیکەش بریندار بووون.

هەروەها، مێرمنداڵێك و ژنێك لە ناو قوربانیانی مینی ساڵی ڕابردوو بوون کە هەر دوویان بریندار کراون.

## جیاکردنەوە بە پێی پارێزگاکان

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا زیاترین قوربانی تەقینەوەی مین لە پارێزگای کرماشان تۆمار کراوە کە 11 حاڵەت بووە.


پارێزگای سنە: 8 قوربانی (2 کوژراو و 6 بریندار) ە دەکاتە 21٪ی کۆی حاڵەتەکان.
پارێزگای ئیلام: 10 حاڵەت (6 کوژراو و 4 بریندار) کە دەکاتە 26٪ی کۆی حاڵەتەکان.
پارێزگای ئورمیە: 9 حاڵەت (2 کوژراو و 7 بریندار) کە دەکاتە 24٪ی کۆی حاڵەتەکان.
پارێزگای کرماشان: 11 حاڵەت (11 بریندار) کە دەکاتە 29٪ی کۆی حاڵەتەکان.




## جیاکردنەوە بە پێی توێژی کۆمەڵایەتی

زیاترین قوربانیانی مین لە ساڵی ڕابردوودا چینی کرێکار بوون (کۆڵبەر، جووتیار، شوان و کرێکار) کە ساڵی ڕابردوو 20 حاڵەت تۆمار کراوە.

کرێکار: 20 حاڵەت (6 کوژراو و 14 بریندار)
سەربازی: 13 حاڵەت (4 کوژراو و 9 بریندار)
مەدەنی: 5 حاڵەت (5 بریندار)




لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆڤدۆستانە و یاسای چاودێر بە سەر نەهێشتنی چەك، مینی دژە نەفەر بە چەکی قەدەغەکراو پێناسە کراوە. بەڵام مینە زەمینییەکان بە تەواوی قەدەغەکراو نین، سنوورگەلێك بۆ بە لانیکەم گەیاندنی ئاسەوارەکانی پێشبینی کراوە کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا زیاتر یاسای نەریتین. بۆ نموونە بە پێی یاسای نەریتی، لایەنە دژبەرەکان دەبێ نەخشە و شوێنی گۆڕەپانەکانی مین بپارێزن و یان لە کاتی کۆتاییهێنان بە دوژمنایەتی، بۆ پاراستنی خەڵکی سڤیل ئەو گۆڕەپانانە لە مین خاوێن بکەنەوە.

کۆنوانسیۆنی 1997ی ئوتاوا لەم بارەوە دەوڵەتەکان ناچار ئەکات بە خۆبواردن لە بەرهەمهێنان، کۆکردنەوە و گواستنەوەی مینی دژە نەفەر کە کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی زۆری قوربانیی مین، تا ئێستا ئەم کنوانسیۆنەی واژۆ نەکردووە.

فەراز فیرووزی، پسپۆڕی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤدۆستانە و راوێژکاری یاسایی رێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە پێوەندی لەگەڵ واژۆنەکردنی ئەم کۆنوانسیۆنە نێودەوڵەتییە لە

لایەن ئێرانەوە وتی:
" لە پێوەندی لەگەڵ واژۆ نەکردنی کۆنوانسیۆنی ئوتاوا لە لایەن ئێرانەوە، دەبێ سەرنجی تایبەت بدرێتە ناکۆکیی نێوان ئێران و عێراق سەبارەت بە سنوورەکان کە دەوڵەتی ئێرانیش بەردەوام بە پاساوی پاراستنی سنوورەکان پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لەم بارەوە پەسند و واژۆ ناکات. بابەتێك کە کەمتر سەرنجی دراوەتێ ناڕوونبوون و دیارینەکردنی سنوور لە مەودایەکی بەرچاو لە ڕۆژاوای ئێرانە( لە نێوان ڕۆژهەڵات و هەرێمی کوردستان). پاش بەستنی پەیماننامەی ئاشتیی ئەلجەزایر و بەغدا لە نێوان دەوڵەتەکانی ئێران و عێراق لە 1975، بڕیار درابوو کە دیاریکردنی سنوور لە ژێر چاودێریی کۆمیسیۆنی هاوبەشی تایبەت بە وتووێژەکانی سنوور بەڕێوە بچێت کە تا ئێستاش ئەم کارە نەکراوە. بەم پێیە کۆماری ئیسلامی مەیدانەکانی مین لە سنوورەکانی نێوان ئێران و عێراق بە بابەتێکی بەرگریی لە خۆی ئەژمار ئەکات و ئامادە نیە کە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پووچەڵکردنەوەی مینی ئەو ناوچانە واژۆ بکات.

فیرووزی هەروەها لە درێژەدا وتی: ئەوەیکە لەم ساڵانەی دواییدا بۆتە هۆی نیگەرانیی زیاتر سەبارەت بە بابەتی مین، تەنیا ئەوە نیە کە کۆماری ئیسلامی نایهەوێ کێڵگەکانی مین خاوێن و مینەکان پووچەڵ بکاتەوە، بەڵکوو مینیش بەرهەم دەهێنێ کە بە مەبەستی جۆراوجۆر لە سەر زەوی و لەناو دەریا بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە سوپای پاسداران لە هێندێك ناوچە لە دوو جۆر مین بە ناوەکانی " هەورەتریشقە" و " ڕاوچی" کەڵکی وەرگرتووە کە لە ژێر خاك دەیچێنێ و هەر ئەوەندەی کە تەقییەوە بە شێوەی هێشوویی کار ئەکات و سەدان پارچەی کونترۆڵنەکراوی لێ دەبێتەوە، تەنانەت تا بەرزایی 500 میتریش دەڕوات کە چەکی تەقەمەنیی ئەوتۆ لە جۆری چەکی قەدەغەکراو لە یاسای مرۆڤدۆستانە دێتە ئەژمار.

پیشەسازیی سەربازیی ئێران هەروەها جۆرە مینێکی دەریایی بەرهەم دەهێنێت کە هێزی وێرانکردنی زۆر لە سەرەوەیە و بێجگە لە مەترسی بۆ سەر ئەمنییەتیی دەریاوانی، ئاسەواری خەسارهەڵگری زۆریشی بۆ سەر ژینگە هەیە.

ژمارەی مینە چێندراوەکان بە پێی ئامارە جۆراوجۆرەکان لە پێنج پارێزگای هاوسنوور لە گەڵ عێراق کە ئازەربایجانی ڕۆژاوا( ئورومیە) کوردستان، کرماشان، ئیلام و خوزستان لە خۆ دەگرێ، لە نێوان 16 تا زیاتر لە 20 میلیۆن مەزندە کراوە کە لە ڕووبەری نزیکەی چوار میلیۆن و دووسەد هەزار دۆنمدا چێندراون. زۆربەی ئەو مینانە لە کوردستان( شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) چێندراون کە بە شێوەی نێوەنجی بۆ هەر هاووڵاتییەکی کورد دوو مین هەیە.

بێجگە لەو مینانەی کە بە هۆی شەڕی ئێران_عێراقەوە چێندراون، بە پێی بەدواداچوونەکانی هەنگاو دەرکەوتووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە چەند ساڵی رابردوودا بە بیانووی بەرەورووبوونەوە لە گەڵ حیزبە کوردستانییەکانی دژبەری، لە سنوورەکاندا مینی نوێی چاندووە. ئاماری روو لە زیادبوونی قوربانییەکانی مین لە پارێزگای کوردستان و ئورومیە، لە ئاکامی ئەو سیاسەتە ئەمنییەتییەی کۆماری ئیسلامییە. بۆ نموونە لە بەرزاییەکانی شاری چاڵدێران کە سنووری هاوبەشی لەگەڵ عێراقیشدا نیە، هاووڵاتییەك بە هۆی تەقینەوەی مین بریندار بووە.

## لیستی ئەو کەسانەی کە کوژراون

| ڕیز | ناو و ناوبانگ | تەمەن | خەڵکی | شوێنی کوژران | تێبینی | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەحمەد ئەعلەم | | بانە | بانە | جووتیار | 15/6/2020 |
| 2 | سەلیم تاراس | | مەلەکشاهی | مێهران | کرێکار | 17/7/2020 |
| 3 | چراغ عەبدی | | مەلەکشاهی | مێهران | کرێکار | 17/7/2020 |
| 4 | هادی ئومیدی | | مەلەکشاهی | مێهران | کرێکار | 17/7/2020 |
| 5 | هۆشیار ئەردەلان | | سنە | مەریوان | سەربازی | 3/9/2020 |
| 6 | ئەحمەد مەمەندی | 33 | سەردەشت | سەردەشت | شوان | 16/11/2020 |
| 7 | عەزیز ڕوونەما | 42 | شنۆ | شنۆ | شوان | 21/11/2020 |
| 8 | نادر بەرادەران | 45 | چەرداول | مێهران | سەربازی | 18/2/2021 |
| 9 | عەلی ڕەزا گوڵمحەمەدی | | نادیار | مێهران | سەربازی | 18/2/2021 |
| 10 | محەمەد حاج قاسمی | | نادیار | مێهران | سەربازی | 18/2/2021 |

## لیستی ئەو کەسانەی کە بریندار بوون

| ڕیز | ناو و ناوبانگ | تەمەن | خەڵکی | شوێنی برینداربوون | تێبینی | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سەربازێك | | دێهلۆران | دێهلۆران | سەربازی | 26/4/2020 |
| 2 | ئەفسەرێك | | دێهلۆران | دێهلۆران | سەربازی | 26/4/2020 |
| 3 | بێهروز باقری | 30 | ئورمیە | مێهران | سەربازی | 5/5/2020 |
| 4 | محەممەد ساڵحی | 46 | بانە | بانە | مەدەنی | 14/5/2020 |
| 5 | حەیدەر عەلی یاری | 30 | سەقز | بانە | کۆڵبەر | 7/6/2020 |
| 6 | ستار ئەسغەری | | پیرانشار | پیرانشار | جووتیار | 9/6/2020 |
| 7 | قابیل مەرجانی ڕاد | | ئورمیە | ئورمیە | کۆڵبەر | 14/6/2020 |
| 8 | پەیمان موعینیان | | کرماشان | باینگان | فەرمانبەر | 1/7/2020 |
| 9 | فەرشید سەنجەری | | کرماشان | باینگان | فەرمانبەر | 1/7/2020 |
| 10 | سۆران مەحموودی | | پاوە | باینگان | فەرمانبەر | 1/7/2020 |
| 11 | مێهدی ئومیدی | | مەلەکشاهی | مێهران | کرێکار | 17/7/2020 |
| 12 | مێحراب بوداغی | | نادیار | سەردەشت | سەربازی | 3/8/2020 |
| 13 | حەمید ڕەزا پاکنەهاد | | نادیار | سەردەشت | سەربازی | 3/8/2020 |
| 14 | ئەندامێکی سپا | | نادیار | مەریوان | سەربازی | 3/9/2020 |
| 15 | ئەندامێکی سپا | | نادیار | مەریوان | سەربازی | 3/9/2020 |
| 16 | خوسرەو حەسەنی | | مەریوان | مەریوان | کرێکار | 8/10/2020 |
| 17 | لوقمان ڕەحیمی | | پاوە | نەوسوود | کۆڵبەر | 1/11/2020 |
| 18 | سابیر خزری | 28 | پیرانشار | پیرانشار | کۆڵبەر | 7/11/2020 |
| 19 | عەلی ڕەزایی | | ئیلام | سۆمار | مین هەڵگر | 7/11/2020 |
| 20 | جەلال ئابسالان | | کرماشان | سۆمار | مین هەڵگر | 7/11/2020 |
| 21 | عەباس ئیبراهیمی | 28 | مەریوان | سەوڵاوا | کۆڵبەر | 5/12/2020 |
| 22 | قادر دالایی میلان | | چالدێران | چالدێران | شوان | 13/12/2020 |
| 23 | سامان ڕەزایی | | سەرپێڵی زەهاو | سەرپێڵی زەهاو | شوان | 31/1/2021 |
| 24 | شوانێك | 19 | قەسری شیرین | قەسری شیرین | شوان | 21/2/2021 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 22/2/2021 | مەدەنی | قەسری شیرین | قەسری شیرین | 7 | منداڵێك | 25 |
| 2/3/2021 | جووتیار | پیرانشار | پیرانشار | | جەلال ئەزهەری | 26 |
| 2/3/2021 | شوان | قەسری شیرین | قەسری شیرین | | شوانێك | 27 |
| 23/3/2021 | کۆچبەر | سۆمار | سۆمار | 40 | ژنێك | 28 |
| | | | | | | 29 |
| | | | | | | 30 |